ئاري كةريم مةحمود

## مەنگۆلەلییەکانی کوردستانیش بێ مافن

تا ئێستا ئەوەی لایەکی ڕاستگۆییانەی لە کورد کردبێتەوە دەوڵەتی مەنگۆلیا بوو کە لە سەرەتای شەستەکان داوای دەوڵەتی کوردی بردە مەجلسی ئەمنەوە , لێرەدا باسی ئەوە ناکەم ئەو هەوڵە بۆ سەری نەگرت و چی بەسەرهات و بە چ لاڕێیەکدا بردرا , بەڵکە دەمەوێت باسی ئەوە بکەم ئەو مرۆڤانەی لە کوردستانن بەهۆی تایبەتمەندییەکی باری تەندروستی بونیادی فیزیکییانەوە تەواو نیین , لە ڕوی عەقڵ و جەستەو تەنانەت توانی سێکسیشەوە تەواو نیین , بەم مرۆڤانە دەوترێت پێیان دەڵێن مەنغۆلی , لە کوردستانەکەی ئێمە ەبێت ئەمانە چۆن بژێن ؟؟. هەرچەندە ژمارەی مەنگۆلییەکان کوردستان لە چاو وولاتانی ڕۆژئاوا زۆر کەمترو دگمەنترە , بەڵام لە کوردستاندا سەرباری ئەوەی هیچ مافێکی ژییان و تەندروستییان بۆ دابین نەکراوە , هاوکات بەردەوام دەکەونیشە بەر گاڵتەجاڕی دەرەوەی خۆیان , بە سوك تەماشاکردنییان , گاڵتە پێکردن و نەبوونی قوتابخانەی تایبەت پێیان , هەوڵ نەدان بۆ ئەنجامدانی گەشت و بوونی یاسایەك لە پاراستنییان لە بەردەم تانەو تەشەرو گاڵتە پێکردن وای کردووە ئەم مرۆڤانە زیاتر داڕوخێن , کوردستان بۆ ئەم توێژە ببێتە جەهەنەمێك شوێنی ژییانییان تیایدا نەبێتەوە .

لە ڕۆژهەڵات نرخی مرۆڤە ساغەکان نەبێت کە بەرهەم بۆ دەسەڵاتداران بەرهەم دەهێنن و لەجەنگەکاندا کورسییەکانییان دەپارێزن !!!, دەبێت بۆ ئەم مرۆڤانە کە دەسەڵاتداران ناتوانن سود لە جەستەیان وەرگرن , دەبێت چ نرخێکییان هەبێت و کەرامەتییان بپارێزرێت ؟.